# دەمڕاستی دەملارمان.. باڵیۆزانی کورد لەجیهان

فاضل قەرەداغی

لەیەك دوو نووسینمدا، ڕەنگە چەند جارێکی تریش هەمان باس بکەمەوە، لەو وێنە "جوانە" دوابووم کە کەمایەتییەکانی ناو کوردستان دەیانەوێت پێشکەش بەجیهانی بکەن‌و بڵێین: ئەمە کوردە، ئەمە کوردستانە، ئەنجامیش چی دەبێ با ببێ، ئەم ڕەخنەیەشم باسکردبوو کە بۆچی جیهانی ئیسلامی‌و جیهانی عەرەبی بەتایبەت کاتێك بەعس فەرمانڕەوا بوو و ئەوەی نەکراوە لەگەڵ کوردی دەکرد هیچ دیفاعێکی لە کورد نەکردووە، وەڵامەکەش بەکورتی ئەوەیە: باڵیۆزەکانمان زمانیان زۆر پاراوە، قسەیان جوانە، دەزانن چۆن موسڵمانان لەدەوری کورد کۆبکەنەوە!

ئەوەش زۆر وتراوە کە هەرچی حکومەتانی جیهانی ئیسلامیی یەك دوانیان نەبێ عەلمانین نەك ئیسلامین، وا ئەمجارەش وتمانەوە، میللەتانیش لەژێر چەپۆکی ستەمکاری‌و دیکتاتۆریەتی ئەو حکومەتە عەلمانییانە دەناڵێنن ئیتر دەتوانن چی بۆ کورد بکەن؟ باڵیۆزەکانمان دەمڕاستن نەگاڵت، ئەمانە وەکو ئەو کەسەن کە قسەی خێر بۆ خوازبێنیکەر دەکات‌و بەماڵی کچە دەڵێ(( ئەمجا بۆ دین ئەوەندە بەهەڵوێستە تەنانەت ئەگەرکەوشەکەی بکەوێتە ناو مزگەوت بە گۆچان دەیهێنێتەوە دەرو ئەمجا بۆ ئەخلاق ئەملاولای نییە تەنها قومارو مەشرووبی هەیە، بۆ کۆمەڵایەتیش هێندە بەتەنگ هاوڕێکانێتی لەبەرخاتریان مانعی نییە ژنی خۆی تەڵاق بدات)). کابرای قسەکەری بەدەموزمانیش فریا ناکەوێ هەموو کەتەلۆکی خوازبێنیکەر بۆ ماڵی کچە بخوێنێتەوە چونکە بە زووترین کات لەو ماڵە خۆی‌و خوزابێنیکەر دەکرێنەدەر، خوازبێنیکەری بێئاگاو بێخەبەریش هەموو جارێك دەڵێ: ئەوە بۆچی کەس ژنم ناداتێ؟

جا ئەگەر نموونە لەسەر شایەتیی ناهەقی ئەو باڵیۆزانەی قوڕ بۆ کورد خەست دەکەنەوە بهێنینەوە چەندین کتێبمان پێویستە، جگە لەوەی پێویستت بە کات‌و تاقەت سەبرکردنە لەسەر خوێندنەوەی جەهالەت، بۆیە چەند نموونەیەك لێرەدا بەسە.

نموونەی یەکەممان هەواڵێك بەئینگلیزی لەسایتی (کوردیش میدیا) کە خودی هەواڵەکەمان مەبەست نییە هەرچەندە دەکرێ قسەی لەسەربکرێ، لەناوەڕاستی هەواڵەکە ئەمە هاتووە: کۆمەڵە ئوسوڵییەکان دیمەنی کەلتوورو مێژووی زۆربەی شارۆچکەو گوندە کوردییەکانی کردووە ئەویش بە دروستکردنی سەدان مزگەوت.

ئێستاش ئەم چەند دێڕە بەنێردراوێکی کوردەوە بنێرە بۆ لای حکومەتێکی عەلمانی لەجیهانی ئیسلامییداو بزانە چی بەکورد دەوترێ؟ قسەیەك لەم جۆرە کاردانەوەیەکی خراپی لای حکومەتێکی عەلمانی دروست دەکات ئەی ئەگەر گەلە موسڵمانەکان بیبیستن؟ بێگومان دەڵێن: ئای کورد چەندە کافرە؟ بەڵام دڵنیابن نەك بەکافرمان لەقەڵەم دەدەن بەڵکو ئەو کاتە گومان لەعەقڵیشمان دەکەن ئەگینا کێ خوا دەیداتێ بینا لەوڵاتەکەی دروستبکرێ؟

بەڵام کورد خۆی چی دەڵێ؟ ئایا خەڵکی کوردستان ئەگەر مزگەوت بەشتێکی خراپ بزانن چۆن ڕێگە دەدەن لەشاروگوندەکانیاندا دروستبکرێ، ئەی کوا مەزبەتەی خەڵك کە ئێمە مزگەوتمان ناوێ؟ ئەوەی پێویستی بە (ئەلف)یش نەبێ دەزانێ ئەو قسەیە تەعبیر لەناخی نووسەرەکەی دەکات، بەڵکو تەعبیر لە عەقڵە بچووکەکەشی دەکات چونکە یەعنی چی بە بینای مزگەوت دیمەنی کەلتوورو مێژوومان تێك دەدەن؟ چ جۆرە بینایەك دیمەنی ئەو کەلتوورە تێك

دەدات؟ ئەسڵەن خۆی دەزانێت کەلتوورمان چۆن بووە تا بزانێت چی تێکی دەدات؟ ئایا بینای نوێ کەلتووری کوردییە؟ ئەی بۆ نەچین هەموویان بڕووخێنین؟ ئەگەر بینای نوێ دیمەنە کەلتوورییە کوردییەکە تێك نەدات و مزگەوت تێکی بدات کەواتە کورد موسڵمان نییە. ئەم باڵیۆزە نەك هەر دیمەنی کورد لە جیهانی ئیسلامیدا تێك دەدات بەڵکو وەك وتم وا لە جیهان دەکات گومان لە عەقڵی کورد بکەن.

نموونەیەکی تر دیدارێکی کەناڵی ئاسمانی (بی.بی.سی) لەبەرنامەی (هاردتۆك) ساڵی ڕابوردوو لەگەڵ ئافرەتێکی کورد بەناوی (فریشتە)و کە پێشکەشکاری بەرنامەکە وەك ئەندامێکی یەکێتی نیشتمانی ناساندبووی.

لەکۆتایی دیدارەکە پێشکەشکاری وەکو ڕوونکردنەوەو لەمیانی قسەیەکدا وتی: (ئەنفال) واتە تاڵانی.. کە ئاشکرایە کابرای ئیبنگلیز باشتر لە وشەی ئەنفال تێگەشتووە (واتای وردتری وشەکە: دەستکەوتەکانی شەڕ نەك "تاڵانی" بە شێوەیەکی گشتی، واتایەك لەوەش تەسکتر: ئەو زیادە بەشەیە کە سەرکردە دەیدات بە سەربازەکان). خانمی کورد کە ناوی فریشتە بوو بەڵام هیچ شتێکی لەفریشتەکان نەدەچوو، مەگەر ئەوە نەبێ کە هەوڵی دەدا وای پیشان بدات لەناخی دڵەوە قسەبکات، سەری بەملاو بەولادا جووڵاند وەك بڵێ: ئاگات لە چییە؟ پاشان وتی: نەخێر ئەنفال لەقورئاندا واتای ئەوەیە ئەوەی موسڵمان نەبێ بیکوژرێت‌وماڵی وێران بکرێت و منداڵەکانی لەناوببرێن..تاد.

دیسانەوەش دەپرسم ئەگەر موسڵمانێك ئەم درۆیە بەدەمی قورئانەوە ببیستێ، دیاریشە خەڵکی زۆرهەن فریشتەی ناخ بەسۆز باشتر شارەزای قورئانن، دەبێ ئەو موسڵمانە چ شایەتێك بۆ کورد بدات بەتایبەتیش کە ناوبراو ئەندامی حزبێکە لە نیوەی کوردستانی باشووردا فەرمانڕەوایەو دیارە ڕادەبینێت حزبەکەی پاش ئەوە لە گوڵ کاڵتری پێ نەڵێت.

کۆتایی نموونەمان ڕادەربڕینی هەندێك ئافرەتە لەبارەی بڕیاری ئەنجومەنی حوکمی لەعێراقدا لەبارەی ڕۆژی ئافرەتانی عیراق کە فاتیمەی زەهرا کراوەتە هێمای ئەمە. هەندێك لەقسەکانە و دواتر تەعلیق لەسەریان دەکەمە دوو بەش بەشێك بۆ خوێنەرو ئەوەی تر بۆ خۆم:

- ئەو بڕیارە (..) بۆ بەڕۆژی کردنی ڕۆژی لەدایکبوونی فاتیمەی کەنیشکی موحەممەدو هاوسەری عەلی بۆ ژنانی عیراق پێویستە لەلایەن ژنانی دنیاشەوە شەرمەزار بکرێ.

- ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی حوکم نیگەرانیو نائومێدی لێ بەدی دەکرێو داهاتوویەکی تاریکی ژنی عیراقی لێ بەدی دەکرێ.-٠ (ئەمە) پێچەوانەی بنەما سەرەتاییو سەرەکییەکانی دیموکراسیەتەو بگرە پێشێلکردنی مافی سەرجەم ژنانی ناو عیراق بە جیاوازی نەتەوەو بیروڕا ئاینییەکانەوە.

- دەیانەوێ وڵاتی عیراق بەزۆرە ملێ بەوڵاتێکی ئیسلامیی بناسێنن.

لێرەدا شوێنی ئەوە نییە باسی فاتیمەی زەهرا بکرێو ئایا پلەوپایەی لە ئیسلامدا چییە، بێگومان چاوەڕێش ناکەین ئەوانە شتێکمان پێ بڵێن ئەگینا کەسێك شارەزا بێت لە ئیسلام دەزانێ فاتیمەی زەهرا لای هەردوو سوننەو شیعە کەسایەتییەکی ڕێزدارە نەك تەنها لای شیعە، هەموو زانیارییەکانی ئەو خانمانەش لەبارەی ئیسلامەوە لەقسەی سەرجادە بەدەر نییە، ئەگینا تەنها قسەی سەرجادەیە بوترێت ئەمە تەفرەقەی مەزهەبییە وەك هەندێك لەمانە وتبویان. بەڵام بۆ ڕەخنە لەمان بگرین؟ خۆ چی لەبارەی ئیسلامەوە دەنووسرێت لەو قسانەی سەرجادە باشترن؟

یەکێك لەوانە دەیەوێت خۆی بەخوێندەوار پیشان بدات، سەرەتا دەڵی کە ئەم کارە "لەخۆیدا نیشانەیەکە بۆ ئەوەی جارێکی تر کۆتو پێوەندی دینو دواکەوتوویی بخەنە گەردنی عیراق" دواتر ئەو پێشکەوتووخوازە دەڵێت: "دینو شەریعەت لەسفری تەکوینەوە تا ئەمڕۆ یەکەم چەوسێنەر بوو" ئەمەش تەنها فڕێدانی وشەیە دەنا"سفری تەکوین" بەشی یەکەمی تەوراتە، ئەمەش وەکو ئەوەیە بڵێیت کورد هەر ستەملێکراو بووە لە یەکەم ڕۆژی مرۆڤایەتییەوە تا لاپەڕە (٣٤)یکتێبەکەی "خولاصەی مێژووی کوردو کوردستان"ی ئەمین زەکی.

خۆ ئەگەر مەبەست لەباسی تەکوین خۆی بێ ئەوا قسەی ئەو پێشکەوتوخوازە ئەوەیە لەو کاتەوە خودا زەویو ئاسمانو ئاوی دروستکرد تا ئەمڕۆ دینو شەریعەت یەکەم چەوسێنەری ژن بوون، کە دیارە دیسان مەبەست ناپێکێت و تەنها وەك خەڵکی دەڵێن"فەلسەفەلێدان"ی ئەو کەسە دەسەلمێنێت.

ئابڕووچوونمان تەنها بەهۆی بێدینیی کەمایەتییەکەمان نییە بەڵکو بەپاڵ بێدینی نەخوێندەواریشمان زۆرەو ئەمانە بەشێك لەوانەی بەناوی کوردەوە قسە دەکەن، بەڵێ ئەمانەن باڵیۆزەکانی کورد.. دەمڕاستی دەملارمان..